# سیمیۆلۆژیای شوێن لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا هەڵەبجە بە نموونە

لوقمان رەئوف عەلی[١]
[١] بەشی کارگێڕی کار، پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Luqman.ali@kti.edu.krd

**پوختە:**

سیمیۆلۆژیا زانستێکە کار لەسەر نیشانەکان، یان ئەو رەفتارانەی مرۆڤ، کە هەڵگری نیشانەیەکی رۆشنبیریی و مانایین دەکات، ئەم بەنیشانەبوونەش سەرجەم بابەتە زمانی و نازمانییەکان دەگرێتەوە، هەموو ئەمانەش لەپێناو گەیشتن بە کرۆکی مانای شتەکانە، شیعری کوردی بەگشتی و شیعری نوێ بەتایبەتی، خاوەنی چەندین وشەی بەنیشانەبوونە لە بوارە جیاوازەکاندا، لەگەڵ ئەمەشدا شوێنیش یەکێکە لەو شتانەی کە دەبێتە نیشانەو هەڵگری ماناو مەبەستی جیاواز بۆ لێکدانەوەی دەق، جگەلەمەش پەیوەندی مرۆڤ بە شوێنەوە، پەیوەندییەکی رۆحی و بوونی زۆر قووڵە، بۆیە راستەوخۆ هەم جێکەوت، هەم کاریگەری لەسەر کەسەکان دروستدەکات، چونکە چەقێکی گرنگی روداو و لێکدانەوەی کەسیەتییەکان و شوناسە ، هەر بۆیە کارەساتی هەڵەبجە کاریگەری و جێکەوتی وەک روداو و وەک شوێن دروستکردو لەگەڵ خۆشیدا چەندین نیشانەی سیمیۆلۆژی بۆ هەر یەکێک لە تاکی کوردی دروستکردووەو بەردەوام پێویستیان بە لێکدانەوەی سیمیۆلۆژی هەیە، جگەلەمەش شێرکۆ بێکەس لەزۆربەی شیعرەکانیدا ئەماژەی بەشوێن کردووە، بۆیە شوێن لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا بریتییە لە ئەزموونی راستگۆیی و دەتوانین بە ئاشکرا هەستی پێبکەین، لێرەوە هەڵوێستە جیاوازەکانی لەروانگەی بیری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بخاتەروو، لەناویشیاندا هەڵەبجە پێگەو گرنگی تایبەتی هەیە لای شاعیر، بەهۆی کیمیابارانکردنی لەلایەن رژێمەوە.

**وشە کلیلییەکان:** سیمیۆلۆژیا، نیشانە، هەڵەبجە، شوێن، دال، مەدلول، مانا


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٢ ساڵی(٢٠٢٢) |
| رێککەوتەکان | رێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١٢/١ \| رێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٤/١٥ \| رێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Luqman.ali@kti.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ پ.ی.د.لوقمان رەئوف عەلی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر رەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**ملخص:**

سيميولوجيا هو علم يعمل على كل من العلامات والسلوكيات البشرية التي تحمل معاني محددة. وتشمل هذه العلامات كل الموضوعات اللغوية وغير اللغوية، و الهدف من ذالك الوصول الى المعنى الاساسى الاشياء. الشعر الكردي بشكل عام والشعر الحديث على وجه الخصوص، له العديد من الكلمات المميزة في مجالات مختلفة، ولكن المكان هو أحد الأشياء التي تحمل معاني وأغراض مختلفة لتفسير النصوص. .بالإضافة إلى ذلك ، فإن اتصال الإنسان بالمكان له علاقة روحية عميقة جدًا ، ويؤثر بشكل مباشر على الأفراد ، حيث يلعب المكان دورًا مهمًا في الأحداث والتفسيرات الشخصية والهوية ... إلخ. لذلك خلقت كارثة حلبجة تأثيرًا كمكان وخلقت العديد من العلامات السيمولوجية لكل فرد كردي وهم بحاجة باستمرار إلى تفسيرات سيميائية. بالإضافة إلى ذلك ، فقد ركز الشاعر على هذا المصطلح في العديد من قصائده ، لذا فإن المكان في قصائد شيركو بيكەس هو تجربة صادقة ويمكننا أن نشعر بها علانية. إلا أنه يعبر عن مواقف مختلفة مثل الأفكار الاجتماعية والسياسية ، بما في ذلك حلبجة التي لها مكانة خاصة وأهمية للشاعر بسبب الهجوم الكيماوي من قبل النظام.

**الكلمات الدالة:** سيميولوجيا،علامة، حلبجة،مكان،دال، مدلول،معنى

## Abstract

Semiology is a science that works on both signs and human behaviors that are carrying specific meanings. These signs include all linguistic and non-linguistic subjects, and all these is to reach to the core meaning of signified things. Kurdish poetry in general and modern poems in particular have many marked words in different fields, yet place is one of the things that holds different meanings and purposes for interpreting texts. In addition, human contact with place has a very deep spiritual relationship, and it directly affects individuals, as place has an important role in events, personal interpretations, and identity... etc. Therefore, Halabja disaster has created an impact as a place and has created many semiology signs for each Kurdish individual and they continuously need Semiology interpretations. In addition, the poet has focused on this term in many of his poems, so place in Sherko Bekas's poems is an honest experience and we can openly feel it. However, he expresses different attitudes such as social and political ideas, including Halabja, which has a special position and importance to the poet because of the chemical attack by the regime.

**Key words:** Semiology, sign, Halabja, place, signifier, meaning

## پێشەكی:

سیمیۆلۆژیا زانستێكە كار لەسەر نیشانەو ئایكۆنەكان دەكات، ئیدی نیشانەی سروشتی بن، یان دروستكراو، ئەمانەش لەسەر بنەمای ڕێكەوتنی كۆمەڵگەو لەسەر داوای بەشەكانی بونیادنراون، لەم سۆنگەشەوە كار لەسەر هەڵوەشانەوەو بونیادنانی ئەم نیشانانە دەكرێت.

لەم توێژینەوەیەدا، كار لەسەر سیمیۆلۆژیای شوێن كراوە، بۆئەوەی لەڕێگەیەوە پەیوەندی مشتومڕی و ئارگیومێنتی نێوان مرۆڤ و شوێن پیشانبدرێت لە بەرگی زمانی شیعریی و لەڕێگەی گوزارشت لێكردنیەوە، بۆیە هەڵەبجە كەشی شانۆییەكی سریالییەو تێدا واقیع و مەرگەسات چڕبووەتەوە، بەهۆشیەوە چەندین نیشانەو ماناو مەدلولی تێدا دەخوێنرێتەوە، بەمانایەكی تر هەڵەبجە بووەتە دەقێكی گوتاری و هەڵگری خوێندنەوەی شیكاری چەند ڕەهەندییە.

ئەم توێژینەوەیە پێكهاتووە لە دووبەش: لەبەشی یەكەمدا باس لە چەمك و زاراوەو پێناسەو مێژووی سیمیۆلۆژیا كراوە، لە بەشی دووەمیشدادوە باس لە سیمیۆلۆژیای شوێن لە شیعرەكانی شاعیردا كراوەو شوێنیش بریتییە لەهەڵەبجەو تێیدا چەند نیشانەیەكی سیمیۆلۆژی خراوەتە ڕوو ، وەك(هەڵەبجە وەك نیشانەیەكی سیمیۆلۆژی شوێنكات، وەك نیشانەیەكی سیمیۆلۆژی هێزی بەرەنگاری، وەك نیشانەیەكی سیمیۆلۆژی شوێنی ستەملێراو، وەك نیشانەیەكی سیمیۆلۆژی شوێنی یەكلایكردنەوە، وەك نیشانەی سیمیۆلۆژی شوێنی شەڕ).

## بەشی یەكەم: چەمك و زاراوە و مێژووی سیمیۆلۆژیا:

### ا- چەمك و زاراوە

سیمیۆلۆژیا میتۆدێكی ڕەخنەیی شیكاری و نوێی پاش بوونیادگەرییە، لەگەڵ ئەمەشدا لەتەواوی بوارە جیاوازەكانی وەك( ئەدەب، هونەر، سینەما، فۆلكلۆر،.....تاد) كاردەكات و خاوەنی پێشینەیەكی مێژووییە، چونكە بیری سیمیۆلۆژی لای یۆنانییەكان لەكاری پزیشكی و لۆژیكدا كاری لەسەركراوە، هەر بۆیە میتۆدی سیمیۆلۆژی، میتۆدێكی نوێیەو ڕۆڵێكی كارای هەیە لە لێكدانەوەو راڤەكردنی دەقەكان، لەپێناو ئاشكراكردن و دۆزینەوەی نیشانەو مانا قووڵەكانی دەق، هەرئەمەش وایكردوە كرانەوەیەك یان ئاسۆیەك لەنێوان دەق و خوێنەردا دروستببێت، لەپێناو گەیشتنە تێلیۆلۆژیای(غایە) دەق، چونكە لێرەوە یەكێك لە شوناسەكانی دەق ئاشكرادەبێت، هەر بۆیە لەمڕۆدا سیمیۆلۆژیا میتۆدێكی گرنگە بۆ دەق بە گشتی و دەقی شیعریی بەتایبەتی، بەوپێیەی خودی شیعر زمانەو هەڵگری كۆدو ڕەمزو نیشانەیەو سیمیۆلۆژیاش كار لەسەر نیشانەو ماناكانی دەكات لەدەقدا، بەمەش پانتاییكی فراوان لەبەرامبەر مانای دەقدا دەكاتەوەو ڕۆدەچێتە ناو قووڵایی دەق، لەپێناو ئاشكراكردنی مانای مەبەستداری دەق.

سەبارەت بەوەی سیمیۆلۆژیا چییە، ئەو ڕۆڵ و پیگەیەی كە لە ڕووداوەكان و دیمەنەكانی بیری هاوچەرخدا دەیگێڕێت چین؟ یاخود ڕۆڵی لە خستنەرووی ماناكانی شوێن و بە نیشانەكردنی لەدەقدا چیە؟ لەگەڵ ئەوەی زمان ڕۆڵێكی گرنگی هەیە هەم لە دروستكردن، هەم ناسین و ئاشكراكردنی بیرۆكەو گوزارشتەكان، هەر بۆیە سیمیۆلۆژیا دەیەوێت كۆدەكانی دەق و جوانی و پەیامەكانی لەڕێگەی سیستمی نیشانەكانەوە بخاتەروو.

هەرچەندە سیمیۆلۆژیا هەردوو زاراوەی سیمیۆتیكا (Semiotique) و سیمیۆلۆژیا (Semiologie) ی بۆ بەكارهاتووە، بەڵام هەردووكیان لە وشەی (Semio)وەرگیراون و بنچینەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی (Semeion) واتە نیشانە، بەڵام تەنها لەرووی سەفێكسەكانیانەوە (suffixe) جیاوازن، بەوەی لە زاراوەی یەكەمدا (logie) بنچینەكەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی (Logos) واتە گوتار، هەندێ جاریش بەواتای زانست هاتوە، لەزاراوەی دووەمیشدا (Tique) كە بنچینەكەی دەگەڕیتەوە بۆ زمانی لاتینی و بەواتای ڕێژەیەك لە دیالێكتیكی بەكارهاتووە(المرابط، ٢٠١٠: ١٧)

لەهەمانكاتیشدا لەبەرئەوەی وشەی (Semeion)واتای نیشانەی گەیاندوە، واتایەكی سنورداری لەبواری پزیشكیدا هەبووە، لەبەرئەوە

یەکەم جار لەبواری پزیشکیدا بۆ ئاماژەکردن بەو نیشانانەی کە لە نەخۆشی (ئەفۆست)دا دەرکەوتن بەکارهێنراوە "( p١٦ ،١٩٧٦، Rebert)، واتە ئەو ماکانەی کە نەخۆشیەکە لەسەر نەخۆش دەریخستون، جگە لەمەش زاراوەی (semiotike) لای دکتۆرەکانی گریک واتای توێکاری گەیاندوە، بەڵام واتا فراوانەکەی لە زانستی مرۆییدایە، چونکە لێکۆڵینەوەیە لە نیشانەکان لەناو سیستمێکی دیاریکراودا"( Gardes، ١٩٩٧ :٢٧٩)، هەروەها لای دکتۆرەکانی سەدەی ناوەڕاست بەواتای (سەرەنجدان لە سیپتۆمەکانی نەخۆش هاتوە، کەواتە نیشانەناسی لە زاراوەکانی زانستی پزیشکیدا بەکارهاتوەو کاری لەسەر سیپتۆمی نەخۆشی کردوە"( دینەسن، ١٣٨٠: ١١) چونکە "وشەی (Semon) لە یۆنانی کۆندا بەواتای نیشانە بەکارهێنراوە.

زاراوەی (Semioitke) لای ئەفلاتون لەپاڵ زاراوەی (Grammatike) دەبینرێت، کە بە واتای فێربوونی نوسین و خوێندنەوە دێت و پەیوەستە بە فەلسەفەو هونەری بیرکردنەوەوە، جگە لەمەش ئەفلاتون وشەی (Semiotique)ی بەکارهێناوە بۆ دەلالەت لە هونەری رازیکردن و جەختی لەسەر ئەوەش کردوەتەوە، کە شتەکان کرۆکیان جێگیرەو وشەش ئامرازی پەیوەندییە، بەم پێیەش لە نێوان وشەو واتاکەیدا، گونجاندنێکی سروشتی لە نێوان دال و مەدلولدا هەیە(رەئوف، ٢٠١٧: ١٦).

ئەرستۆ سەبارەت بە نیشانە دەڵێت" ئەو دەنگانەی مرۆڤ دەریاندەبڕێت، هێمان بۆ حاڵەتی دەروونی، دەربڕاوە نوسراوەکانیش، هێمای ئەو دەربڕاوانەن، کە دەنگەکان بەرهەمیدەهێنن، جگەلەمەش نوسین لای هەمووان وەک یەک نییە، شتەکانی تریش بەهەمان شێوە، بەڵام حاڵەتە دەروونییەکان لای هەمووان وەک یەکن "( حمودە، ١٩٧٨ : ٢٢٥)

ئەفلاتون و ئەرستۆ هەر لە سەرەتاوە گرنگییان بە تیۆری مانا داوە ، کە پەیوەستە بە دال و مەدلول ، ئەفلاتون لە کتێبی (cartyle) دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە شتەکان کاروانێکی جێگیریان هەیە، وشەش ئامرازی بەردەوامییە، بەمەش گونجاندنێکی سروشتی هەیە، بۆیە وشەکە گوزارشت لە ڕاستی شتەکە دەکات، بەڵام لەسەردەمی نوێدا جۆن لۆک مانای خوازراوی لێ دروستکرد: ( وغليسي ،٢٠٠٧: ٩٩) بەڵام دواتر "جۆن لۆك زاراوەی (semiotica) ی بەواتای میتۆدە مەعریفییە فەلسەفییەکان، پاشان بەواتای تیۆری نیشانەکان بەکارهێناوە"( paris، Tzvetan todorov:theorie du sgmbole.١٩٧١)، دواتر ئەم زاراوەیە گوازرایەوە بۆ بواری لۆژیك و زانستی زمان و دواتریش ئەدەب و کلتورو...تاد، لێرەوە سیمیۆلۆژیا (Semiologie) یان سیمیۆتیکا (Semiotique) بریتییە لە"زانستی نیشانەکان"( الاحمر، ٢٠١٠ : ١١ ) ئەمەش واتە سیمیۆلۆژیا کار لەسەر نیشانە (Sign) و (واتا Meaning)دەکات، هەرچەندە سیمۆلۆژیا لەبنچینەدا خاوەنی دوو ڕابەری دیار و سەر بەدوو قوتابخانەی جیاوازە، یەکەمیان( چارلس ساندرز پێرس ١٨٣٨-١٩١٤) ی ئەمریکییەو وشەی( سیمیۆتیکا) ی بەکارهێناوەو زیاتر پەیوەستە بەلایەنە فەلسەفییەکەوە و ئەمریکییەکان پێوەی پەیوەستن.

دووەمیان ( فەردینان دی سۆسێر)ی ڕابەری قوتابخانەی فەرەنسییەو وشەی( سیمیۆلۆژیا ) ی بۆ بەکارهێناوەو لەبواری زانستی زماندا کاری لەسەرکردوەو ئەوروپییەکان پێوەی پەیوەستن، کە (دولودال) پێیوایە پێرس پێش سۆسێر کەوتووە و دەڵێت" پێشکەوتنی سیمیۆتیکای پێرس لەسەر سیمۆلۆژیای سۆسێردا جێگەی گفتوگۆ نییە"(سیرل، ١٩٨٨ ، ص ١١٤)

پێرس دەڵێت" ئەوەندەی بزانم من ڕابەرم، یان یەکەم کەس بووم ئەم دەرگایەم کردەوەو ناوم لێنا سیمیا"، هەروەها دەڵێت (لۆژیک بەمانا گشتیەکەی، ناوێکی تری سیمیۆتیکایە"( رەئوف،٢٠١٧: ل١٨ )، کەواتە دۆزینەوەی ئەم زانستە، ئەنجامی هەوڵێکی زۆری بیرکردنەوە، لێکۆڵینەوەی فەلسەفییە، چونکە لای ئەفلاتون و ئەرستۆ بوونی هەبووە، دواتر لای جۆن لۆک، هەرچی پێرسە وشەی ئینگلیزی "Semiotics" کە بە شێوەیەك لە شێوەکان، دەربڕاوەکەی جۆن لۆکی بەکارهێناوەو لای ئەم لقێکە لە لقەکانی ئێپستمۆلۆژیاو یەکسانە بە لۆژیك و ئەو زانستەیە لە ژیانی نیشانەکان و جۆرو کارەکانیان دەکۆڵێتەوە"( peirce، ١٩٦٥:١٣٥) واتە "پێرس زاراوەی سیمیۆتیکی لە زاراوەکەی جۆن لۆکەوە وەرگرتوە، چونکە جۆن لۆك بەهەمان شێوە ئەو زاراوەیەی بۆ زانستێکی تایبەت بە نیشانەکان و دەلالەتەکان و واتا جیاوازەکانی لۆژیك بەکاردەهێنا" (راغب، ٢٠٠٣: ٣٦٦) کەواتە "بەکارهێنانی وشەی سیمیۆتیکا (Semiotics) بۆیەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ پێرس و مەبەستیشی لەمە، ئەو زانستەیە کە لە نیشانە دەکۆڵێتەوە"( عزام، ١٩٩٦: ٧)، بەم پێیەش بێت پێرس و سۆسێر زاراوەکەیان لە جۆن لۆکەوە وەرگرتوەو

بەپێی مەبەستی کارەکەیان زاراوەکەیان لێ دروستکردوە.

محمد عزام دەڵێت"سۆسێر یەکەم کەسە وشەی سیمیۆلۆژیا (Semialogic) لەفەرەنسا بەکارهێناوەو جەخت لەسەر زمان دەکاتو دەیکاتە چەترێك، کە هەموو زمانە ئاماژەییەکانی تر (سیمیۆلۆژی) دادەپۆشێت"( عزام ،١٩٩٦: ٧).

کەواتە پێرس رابەری سیمیۆلۆژیای ئەمریکییەو سۆسێر ڕابەری سیمیۆلۆژیای فەرەنسییە، هەر لەبەرئەمەشە ئارت ڤان دەڵێت" سیمیۆلۆژیا کوری دوو باوکە، یەکەمیان پێرس و ئەوی تریان سۆسێر، بەبێ ئەوەی یەکێکیان ئەوی دی بناسێت"( الاخرون،٢٠٠٩: ٣٣)، بەڵام ئەو زاراوانەی کە بۆ ئەم زانستە بەکاردەهێنران، بەپێی بریاری (کۆمەڵەی جیهانی سیمیۆتیکا)،کە لە پاریس لەساڵی ١٩٦٩ دا بەسترا، لەژێر ناوی سیمیۆتیکا یەکیانگرت "( ایکو، ١٩٧٢ : ١١)، بەڵام ئەم یەکگرتنە نەیتوانی ببێتە رێگر لە بەکارنەهێنان، یان بڵاونەبوونەوەی هەردوو زاراوەکە بەشێوەیەکی بەربڵاو، پاشانیش بەشێوەیەکی روونتر لە کارەکانی گریماس دا دەرکەوت، کە ناوی نابوو (سیمیۆتیك)( عزام، ١٩٩٦: ٨).

نیشانە لای سۆسێر "بریتییە لە سیستمێکی نیشانەو گوزارشت لە بیرێک دەکات، ئەم سیستمەش وەک ( نوسینی کەڕوولاڵەکان، ڕەمزەکان، ئاماژەی سەربازی ....هتد"( ڕەئوف، ٢٠١٧ : ١٥١)، جگەلەمەش بریتییە لە دال، وێنەی بیستراو (Signifiant) و مەدلول، وێنەی زەینی (signifie) وێنەی بیستراویش تەنها دەنگە مادیە فیزیکیەکە نییە، بەڵکو پاڵنەری دەرونیی ئەم دەنگەیە (د. لوقمان رەئوف،٢٠١٧،ل١٥١) و لای پێرس لەسەر بنەمای بیرکاری و لۆژیک بونیادنراوە و خاوەن چەند لق و بەشێکی جیاوازە، نیشانە لای پێرس بریتییە لە شتێک کە گوزارشت لەشتێکی دی دەکات لەبارەی کەسێکی دیاریکراو بەپێی پەیوەندیەکی دیارکراو، یان سیفەتێکی دیاریکراو، واتە لەبیردا بەڵگەیەکی هاوشێوە دروستدەکات بۆ نیشانەی یەکەم و پێرس پێی دەڵێت( موولintrpretant)نوێنراو، بەم جێگرتنەوەیەش دەڵێت بابەت (objet) (رەئوف، ٢٠١٧: ١٤٥)

پێرس دەڵێت" رۆژێک لە رۆژان نەمدەتوانی لەوانەی کە خوێندوومن هەر لە (بیرکاری، فکر، میتافیزیکیا، کیمیا......تاد) بگەم، ئەگەر لێکۆڵینەوەی سیمیۆلۆژی نەبوایە" (Pierce ١٩٨٧: ١٤.) سیمیۆلۆژیا لای پێرس" تیۆرێکی گشتی نیشانەکانە لەبیری مرۆڤدا و بریتییە لە تیۆری نیشانەکان و کۆنتێکستە واتاییەکان لە هەموو شێوەکاندا" (تشاندلر، ٢٠٠٨، ص٢٨) سیمیۆلۆژیا بریتییە لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەو رێکخستنەوە، داڕوخان و بونیادنانەوە، واتە لێکۆڵینەوەیەکی شێوەییە بۆ ناوەڕۆک و کرۆکی دەق، بەمانایەکی تر نیشانە مانایەکی دەستاو دەستکاری و نوێیە لەسەر ئاستی زمانی، بۆیە زۆرجار شوێن و بارەکەی دەمانباتەوە بۆ کانگایەک کە بریتییە لە کەشتی واقیعی ڕووداو، بۆیە ڕووداوەکان لەڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە بەیەکەوە گرێدەداتەوە، هەروەها دەڵێت " سیمیۆتیکا بریتییە لە تیۆری نیشانەکان و تیۆری گشتیی نواندن، یاخود بریتییە لە میتۆدێك بۆ نیشانەکان( doctrine of signs)"( عیاشی، ٢٠٠٢ : ١٥)، بۆیە چەمکی نیشانە ( signe) چەمکێکی ئاڵۆزەو بەهۆی بەکارهێنانی لەبوارە جیاوازەکانی وەک لاهۆتی و پزیشکی، جاک دریدا "هەوڵیدا نیشانە بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەوەی نیشانەی چییە؟ و دواتر گەیشتە ئەوەی ئەو شتەیە کە ڕوون و ئاشکرا نییە"( رەئوف،٢٠١٧: ١٤٦)

ئەمبیرتۆ ئیکۆ دەڵێت"سیمیۆلۆژیا واتە هەموو ئەوەی ئاماژەو نیشانەکان دەیگەیەنن" (تشاندل،٢٠٠٨: ٢٨)، بۆیە سیمیۆلۆژیا واتە زانستی نیشانەکان"(Eco،1972: 8)، گریماس Greimas ، کوکی Coquet، أریڤ Arrive دەڵێن " سیمیۆتیکا دانانی تیۆریەکی گشتیە بۆ سیستمی دەلالەت" (Ecole،1982 :5)

لە سیمیۆلۆژیادا کار لەسەر دال ← مەدلول ← مەبەست دەکرێت، واتە دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان وشەکەو ماناکەو مەبەستی بەکارهێنان لە ماناکە، یان ئەو مەبەستەی کە بۆی بەکاردێت، بۆنمونە گوڵ دالەو مەدلولەکەی جوانییە، یاخود بۆنخۆشییە جۆری مەبەستەکە مەدلولیەکەی یەکلایی دەکاتەوەو پەیوەندییەکە دروستدەکات.

لەماناشدا دال و وێنەی دەنگی و مەدلول وێناکردنەکە، یان تێگەیشتنەکەیە، بۆیە پەیوەندیەکە، یاخود وێناکردنەکە بەپێی ژینگەکە دروستدەبێت، بۆیە لای سۆسێر لە نیشانەی زمانی دا، کانگاکە یان سەرچاوە(شتەکە) نائامادەیە بۆ ناساندنی نیشانە زمانییەکان، بەمانایەکی تر ناگەڕێینەوە بۆ واقیع، چونکە هەمووکاتێک ناتوانین دالەکە بۆ هەموو نیشانەیەک بیهێنینەوە بەرباس، بەڵکو لەتوانادا هەیە وێنە بیریەکە، یان ئەوەی نیشانەکە لە دەوری کۆبووەتەوە، لە هەرکاتێکدا بێت بیخەینەوەڕوو، چونکە نیشانە ئاماژە بە شتەکە ناکات، بەڵکو ئاماژە بەمانای شتەکە دەکات، ئەمەش"ئەرکی بیرە نەک ئەرکی واقیع"( روبرت ، ١٩٩٤:٥٢) بەدەرلەمەش دال جگە لەمانای پەیوەندی یان ناساندنی زمانی، هیچ مانایەکی تری نییە، بەڵکو ئەو پەیوەندیەی کە لەگەڵ مەدلولەکە دروستدەبێت، بەهۆی بوونی خوێنەرەوە هەست بە ماناکانی دەکرێت.

سیمیۆلۆژیا"بەمانای نیشانە دێت و کار لەسەر نیشانەکان و کۆدەکان دەکات، هەروەها سیستمێکە وا لەمرۆڤ دەکات لە ڕوداو و یەکەکان بگات، بەو سیفەتەی هەڵگری مانان " (سولر ،: ١٩٩٤١٣)، یاخود "زانستێکی مەنهەجی سەردەمەو بریتییە لەتیۆری گشتی نیشانەکان، بەهۆی ئەمەشەوە بە سروشتێکی گشتگیرو فراوان وەسفدەکرێت، کە لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکێکیان تایبەتە بەخودی زانستەکەوە، ئەوی تریشیان پەیوەستە بە فرەیی کێڵگە سیمیۆلۆژییەکان و بوارەکانییەوە "( اسکندر، ٢٠٠٩: ١١)


سیمیۆلۆژیا" زانستێکە گرنگی بە هەموو لایەن، یان بوارەکانی کاری مرۆیی دەدات، چونکە ئامرازێکی خوێندنەوەی هەموو دیاردەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتییە، هەر لە هەڵچوونە ئاسانەکانەوە، تاوەکو دەگاتە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و بە نەسیجە ئایدۆلۆژییە گەورەکان کۆتایی دێت"(بنکراد، ٢٠٠٥: ١٤ (، یاخود سیمیۆلۆژیا زانستی شرۆڤەکردنی نیشانەکانە، بۆئەوەی ڕەهەندی واتایی و مەبەستداری بناسێنێت، بە پشتیوانی کۆنتێکستی دەقەکە و پێوەرە کۆمەڵایەتی، تاکی....تاد، یاخود زانستێکە کەکار لە نیشانەکان دەکات و ئیتر سروشتی، یان دروستکراو بێت، یاخود سیمیۆلۆژیا زانستێکە کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەو بنیادنانەوە دەکات، لەڕێگەی نیشانە سیمیۆلۆژییەکانەوە، لەگەڵ دیاریکردنی بونیاتی قووڵ کە لەپشت بنیادە ڕووکەشەکەو ئاستی دەلالی و پێکهاتەییەوە خراونەتەڕوو.

کەواتە سیمیۆلۆژیا بریتییە لە زانستی شرۆڤەی واتای دەلالەتەکان و هێماکان و ئاماژەکان ... تاد، لە بواری زمان و ئەدەب و ڕەخنەداو بە نوێترین زانست دادەنرێت بۆ لێکدانەوەی نیشانەکانی دەق.

## ب- مێژووی سیمیۆلۆژیا:

لەڕاستیدا سکی دایک یەکەم جیهان و شوێنی مرۆڤەو بریتییە لە جەستەو گیان و تێیدا هەموو شتەکان بەدەست دەهێنێت، جگەلەمەش دەتوانرێت مانا نیشانەییەکانی لێکبدرێتەوە، لەم بارەوە پێرس یەکەم کەس بوو ئەوەی خستەڕوو، کە زانستێک هەیە لەهەموو لایەنەکانەوە، توانای کارکردنی لەسەر نیشانەکان هەیە، دواتر سۆسێر بەهەمان شێواز کاری لەسەر سیستمی نیشانەکان کرد لەنێوان بنچینەکەو ئەوەی لێیدەکەوێتەوە، بەمەش کار لەسەر نیشانەکان، لەکایە کۆمەڵایەتییەکەدا دەکات، لەپێناو خستنەڕووی ماهیەتی نیشانەکان.

لە ڕاستیدا گرنگیدان بە سیمیۆلۆژیا هەر لە کۆنەوە هەبووە، چونکە هەستکردنی مرۆڤ بە ژینگەو دەوروبەرەکەی و حەزکردن بە لێکنزیکبوونەوە، وایکردووە ئیدی نیشانەکان ببنە بەشێک لە ژیانی مرۆڤ، بەڵام وەک زانستی سیمۆلۆژیا زانستێکی نوێیە، ئەوەش کە زیاتر بایەخداری کرد ئەوەیە ،کە دال و مەدلول دوو سرووشتی تەواو جیاوازن و یەکسان نابن، چونکە دال لە کۆنتێکستێکی دیاریکراودا بەکاردێت، دواتر لە ماهیەتدا نیشانەکە دەگ[illegible]ی تر، وەک:



کەواتە ئاستی گوزارشتی، دیوی دەرەوەی زمان دروستدەکات، واتە دەنگ، بەڵام ئاستی ناوەڕۆک بریتییە لە جیهانی بیرکردنەوەو مانا ناوەڕۆکییەکان، کە ئاستی یەکەم دەورەی دراوە.

جگەلەمەش لەبەرئەوەی سیمیۆلۆژیا لەبواری لۆژیک و بیرکاری و پزیشکیدا بەکارهاتوە، بۆیە دیاریکردنی مێژوەکەی راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان، چونکە لانکەی لۆژیک و بیرکاری بوون، کەواتە دەستپێکردنی بیری سیمیۆلۆژی لای گریك" لەقوتابخانەی گومان (scepticism) کەمەبەستیان گومانکردن بوو لەمەعریفە دەستیپێکردوە، ئەم روانینەش لەسەدەی هەشتەمی پێش زاینو لەسەر دەستی (ئانیسیدیمۆس Aenesidemus) فەیلەسوف سەریهەڵدا، چونکە کاری لەسەر پۆلێنکردنی دە گوزاشت کردوە، کەپەیوەندێکی توندوتۆڵیان لەگەڵ لێکۆڵینەوەی پزیشکیدا هەبووە.( سعدالله، ٢٠٠٧: ١٤)، هەر بۆیە" سیمیۆلۆژیا لەسەرەتادا لەڕێگەی وێناو بۆچوونو چەمکەکانەوە دەرکەوت، کەلەچوارچێوەی گوتاری فەلسەفی یۆنانیدا هەبوون، بەڵام وەك زانستێکی تەواوی کۆنتێکستە واتاییەکان، لەسەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا "( المرابط، ٢٠١٠: ٧)

ئەرستۆ لەتیۆرەکەیدا لەبارەی ماناو شیعرەوە" لەکتێبی (دەستەواژە –العبارە)دا سەرقاڵی نیشانە بووەو جیاوازیکردوە لەنێوان (قسە) و (شتەکان) و (بیرەکان)و (نوسین) بۆئەوەی تایبەتمەندی هەریەکە لەم ڕەگەزانە بدۆزێتەوەو سروشتی پەیوەندی نێوانیان روونبکاتەوە" (Aristot,١٩٧٩,p٥) سیمیۆلۆژیا لەسەدەی بیستەمیشدا گەشەیەکی باشی بەخۆیەوە دیوە، بەهۆی تایبەتمەندی بابەتەکانیو زۆری بەشەکانی، جگەلەمەش پەیوەستبوونی بەزمانو زمانەوانیو مۆسیقاو جل و بەرگ..تاد، لێکۆڵینەوە ئەبستمۆلۆژییە جیاوازییەکانی تر، ئەمە جگە لەو بایەخدانەی بەمیتۆدی کارکردن لەم بوارە جیاوازانەو کاریگەری دروستکردن لەسەر خوێنەر.

سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەی سیمیۆلۆژیا لە ئەدەبی عەرەبیشدا، بۆ یەکەمجار لەشیعری عەرەبیدا وشەی( سیمیاء) لای (أُسید بن عنقاء الفزاري ) بەکارهاتوە، وەک دەڵێت:

غلام رماه الله بالحسن يافعا له سيماء لا تشق على البصر ويروى سيمياء ................. (منظور، ١٩٩٤: ٣١٢)

لێرەشدا (سيماء)بەواتای نیشانە بەکارهاتوە، لەزمانی کوردیشدا وشەی نیشانە بۆ مەبەستی بەنیشانەبوون و بۆ چەند مانایەکی تر بەکارهاتووە، هەر لە کۆنەوەو لە شیعری کلاسیکیدا وشەی نیشانە بەکارهاتووە" ئەگەرچی لای کورد بایەخدان بە زانستی سیمیۆلۆژیا وەك ڕێڕەوە دروستەکەی خۆی کارێکی نوێیە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کورد بە درێژایی مێژوو، خۆی لەم میکانیزمی کارکردنە بەدوورگرتبێت، لەکۆی ئەو بابەتانەی کە لەسەر سیمیۆلۆژیا نوسراون، یان ڕێڕەوە سەرەتاییەکانی سیمیۆلۆژیا دەربخەن، لەناو دەقی شیعریەکاندا (نیشانە) و لە لێکۆڵینەوەکاندا سیمیۆلۆژیا بەکارهێنراوە، بەگشتی لەلای کورد، بە پێچەوانەی عەرەبەکانەوە یەك زاراوەی هەیە، بەم پێیەش سیمیۆلۆژیا لە ئەدەبی کوردیدا و وەك زاراوەی نیشانە لە شیعری شاعیرانی کلاسیکدا، ئەگەرچی وەك زانست و بەشێوەی ئەکادیمی کاری لەسەرنەکراوە، بەڵام بەهەمان مەبەست هەم وشەی (نیشانە) و هەم بۆ هەمان مەبەست بەکارهێنراوە "( رەئوف، ٢٠١٤: ٣٩)

## بەشی دووەم: سیمیۆلۆژیای شوێن لە شیعرەکانی شاعیردا

شوێن یەکێکە لەلایەن و چەقە گرنگ و کاریگەرەکان، بۆ دەرخستنی بیری نوسەرو لێکدانەوەی رووداوەوەکان لەروانگەی دەروونی، سیمیۆلۆژی و......تاد، بەوپێیەی شوێن پەیوەستبوونی رۆحی لەگەڵ نووسەرو شاعیردا هەیەو بووەتە شوناسنامەو ڕەسەنایەتی.

شوێن کەرەستەی ژیان و شانۆی ڕوداوەکانە، هەربۆیە شوێن ئەو ڕەگەزەیە کە ڕوداوەکان دەردەخات و وا لە کات دەکات، ئەو مێژووە چەند ڕەهەندێکی بۆ دروستبکات، شوێن لای ئەرستۆ چوار تایبەتمەندی هەیە (بارەکە، بەشێک نییە لە هیچ شتێک، یەکسانە بەو شتەی دەوری داوە، سەرو خواری هەیە) (بدوی، ١٩٨٥: ٦٦١)، ئەفلاتون پێیوایە شوێن(بۆشایی ڕەهایە)( بدوی، ١٩٨٥: ١٢٩)، بەو مانایەی هیچ شتێک بەدەر نییە لەشوێن و هەموو شتێک، یان رووداوێک لە شوێندا دەبینرێتەوە، یاخود"هەموو شتەکان لەخۆدەگرێ و کۆیان دەکاتەوە، جگەلەمەش هەموو جوڵەو شێوەکان وەردەگرێت (زعيتر، ٢٠١٣: ٢٩) ئەرستۆش پێیوایە شوێن(کۆتایی تەنی دەوروبەرە، یان ژینگەی

کۆتایی شتەکانە)( زعیتر ،٢٠١٣: ٢٣٠)

هەر بۆیە لەناو دەقی شیعرییدا هەرگیز ناتوانرێت شوێن بەمانا گشتی و فراوانەکەی فەرامۆشبکرێت، چونکە دواجار شوێن چ وەک شوێنە مادییەکە، یان خوازراو و واتاییەکە بوونی هەیە، بەهۆی ئەمەش بەپێی ئامانج و مەبەستی بەکارهێنانەکەی لای شاعیرەکە، ڕەنگدانەوەو کاریگەرییەکەی دەگۆڕێت، بۆیە"شوێن هەروەک پێکهاتەکانی تری شیعر، بە پلەی یەکەم لەڕێگەی زمانەوە دروستدەبێت، دواتر لەڕێگەی وێنا و ڕوانینەکانەوە، تایبەتمەندی شوێنەکە لەخۆیدا بەرجەستەدەکات و دەبێتەوە بە دیوی دووەمی شوێنەکە و لێرەوە ئەو خاسیەتانەی کە لەشوێنە فیزیکیەکەدا هەن و دیارن، لەشوێنە زمانییەکەدا بەرجەستەدەبن، بەتایبەتی ئەو وێنە شوێنییەی، کە کاریگەری زیاتری لەسەر وەرگرتن و ناساندنەکە هەیە"( ڕەئوف،و فەرەیدون، ٢٠١٨: ١٥)، کەواتە شوێن پانتاییەکی ڕووداوەکانەو بووەتە شانۆی نمایش و هەرئەمەش وایکردوە، لەدەقدا هێزی بوون بێت، حبیب مونسی دەڵێت: "شوێن لەئەدەبدا درێژیو پانی سنورداری ناکات"( مونسی، ٢٠٠١: ٧)، بەمانایەکی تر "شوێن لەئەدەبدا ئەو شوێنەیە، کە هەست بەبوونی دەکەین، بەشێوازێك هەستەکانمان لەگەڵیدا تێکەڵ دەبن‌و زەحمەتە لێی جیاببینەوە، چونکە پەیوەندێکی بوونی‌و ژیانی پێکەوە گرێدەدات‌و شوێن دەبێتە ڕیتمی هەستەکانمان و تەواو وابەستەی بوونمان دەبێت، بەشێوەیەك شوێن واتە بوونمان و ژیانمان، مانمان.... تاد، ئەمەش ئەمە دەردەخات شوێنەکان زۆرجار دەبنە شوێنی ویژدانی‌و وامانلێدەکات پێوەی پەیوستبین"( ڕەئوف، ٢٠١١: ٣٦)، یان"شوێن لەدەقی ئەدەبیدا بریتییە لەو پانتاییە فراوانەی کە ڕووداوەکان لەخۆدەگرێت و دەبێتە مەیدانی سەرەکی و دیاریکراوی کەسەکان، بەمەش هەڵگری ئاماژەیە بۆ ئەو قەبارە دیاریکراوەو ئەو ڕووداوانەی کە تێیدا ڕوودەدەن"( ڕەئوف،٢٠١١، ٤٢)

شاعیر لە(٤٤) دیوانە شیعرییەکەیدا، (٥٦) جار وشەی هەڵەبجەی لەناو دەقەکانیدا بەکارهێناوەو لەکۆی ئەم بەکارهێنانەی و بەهۆی بەنیشانەکردنی هەڵەبجەوە،ماناو مەدلولی جیاوازی پێبەخشیوە، یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئەم پێگەو بایەخەی چ لای شاعیر، چ ڕەنگدانەوەو کاریگەرییەکانی لەسەر خوێنەر زۆربێت، کارەساتی کیمیبارانی هەڵەبجەیە، ئەمەش وایکردوە هەڵەبجە چ وەک شارێک، چ وەک کوردستان، یان ناسنامەی ستەم و بەرەنگاری و بەردەوامی و......تاد، ببێتە بەشێک لە پێکهاتەی دەق و پەیامەکان، یەکێک لەو شیعرە دیارانەی شێرکۆ بێکەس کە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت، شیعری (هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا) یە، ئەم دەقەش لە ڕێکەوتی (١٤/٣/ ٢٠٠٣) نوسراوە، واتە(٢٧) ڕۆژ پێش ڕوخاندنی حزبی بەعس، ئەمەش ئاستی کاریگەبوون و وردبینی و خوێندنەوەی ژیرانەی شاعیر نیشاندەدات، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم دەقە بەدرێژایی مێژوو، هەڵگری چەندین کۆد و نیشانەی جیاوازە، لەبارەی کارەساتی هەڵەبجەو کاریگەری لەسەر یەکلاییکردنەوەی حوکمی دەسەڵاتی بەعس، دوای ئەم دەقەش دەقی(عومەری خاوەر دونیا دەگەڕێ)یە، ئەگەر بەتەنها لەبارەی وشەی (هەڵەبجە)وە لەم دەقی(هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا)بڕوانین، پرسیار ئەوەیە هەڵەبجە بۆچی دەچێت؟ هەڵەبجە واتە خەڵکەکەی، خەڵکەکەش بەهۆی ئەو قوربانیدانەی کەبەهۆی کیمیابارانەوە داویەتی، چوونی هەڵەبجەش بۆ بەغدا بۆ چییە؟ کەواتە هەڵەبجە بەڵگەو مێژووە، هێزە، توانای بڕیاردان و یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکەیە، بەڵگەی حاشا هەڵنەگر و زەلیلکردنی دیکتاتۆرە، بەڵگەی هێزی مانەوەو بەردەوامیدانە بە خودی هەڵەبجەو کوردستانیش، جگەلەمەش هەڵەبجە هەڵگری چەندین نیشانەی سیمیۆلۆژی ترە، بەمانایەکی ترهەڵەبجە لە دەقەکانی شاعیردا، هەڵگری چەند نیشانەیەکی سیمیۆلۆژی (سیاسی، دەروونی)ە، بۆیە سیمیۆلۆژیا چوارچێوەیەکی سروشتی شارەو شانۆی ڕوداوەکەش کە هەڵەبجەیە، مێژووی (٣/١٦) یاخود کاتیش ئەو پشتێنەیە کە ڕوداوەکەی بە شارەکەوە گرێداوە، خودی کارەساتەکەو قوربانییەکانیش، ئەوەندەی تر ئەم دوانەی بەیەکەوە بەستوەتەوە، بەشێوازێک یەکێکیان بەکاربهێنرێت، دەبێتە ناسنامەو شوناسی ئەوی تریان، لەم سۆنگەوە سیمیۆلۆژیا هۆکاری ڕونکردنەوەو ئاشکراکردنی ئەو شوێن و مانایەیە، کە دەقەکە ڕێگە نادات بەئاسانی ماناکانی بدات بەدەستەوە، بۆیە پەیڕەوێکە زەرورەتی ئاشکراکردنی ماناکان پێشنیاردەکات، چونکە دەق چنینێکی تێکەڵاوی نیشانەکانەو سیمیۆلۆژیاش بەهەموو جۆرەکانییەوە کار لەسەر ئەم نیشانانەدەکات، بەم شێوازە:

### ١.هەڵەبجە وەک نیشانەیەکی سیمیۆلۆژی شوێنکات:

مەبەست لەوەیە لەیەککاتدا کات و شوێن، هەڵگری نیشانەو مانایەکی دیریکراون، واتە بەنیشانەبوونی شوێنکات و بەخشینی هەمان ماناو مەدلول لە زەینی خوێنەردا، چونکە شوێنکات بریتییە لە"یەکگرتنی کاتو شوێن لەیەك کات و فۆرمداو دروستکردنی واتایەکی هاوبەش لە نێوان هەردوو چەمکی کاتو شوێندا، بەمەش بوونێکی نوێو واتایەکی نوێی هاوبەش لەم گونجاندنە واتاییەدا دروستدەکەن" (ڕەئوف،٢٠١١ : ٤٤ )، هەڵەبجەش چ وەک شوێن، چ وەک کات کە بریتییە لە(٣/١٦)، بوونەتە دوو دیوی دراوێک و هەتا ژیان بەردەوام بێت، هەڵگری پەیامێکی دیاریکراون، بۆیە هەڵەبجە لەگەڵ ئەوەی بووەتە نیشانەی زوڵم و ستەم لێ کردن، لەهەمانکاتدا خودی وشەی هەڵەبجەو مێژووی(٣/١٦)هیچ جیاوازییەکیان نییە لەبەرامبەر گەیاندنی مانا بەنیشانەکردنەکەدا، چونکە هەڵگری هەمان کۆدن، واتە هەردوکیان ڕەنگدانەوەو ناسێنەرێکی مێژوویی ڕوداوێکی نەتەوەیی و مرۆیین، بەشێوازێک دنیایەک ماناو لێکدانەوەیان هەڵگرتووە، بۆنمونە شێرکۆ لە شیعری (هەڵەبجە)دا دەڵێت:

چواردەی مانگ بوو

لەسەر (گۆیژە) با قەڵەمەکەی لێ فڕاندم

کە دۆزیمەوەو پێم نووسی

پۆل پۆل فڕین وشەکانم

پانزەی مانگ بوو

(سیروان) قەڵەمەکەی بردم

وەختێ گرتمەوەو پێم نووسی

بوون بە ماسی شیعرەکانم

شانزەی مانگ بوو!


ئاخ شانزەی مانگ!

کە(شارەزور) قەڵەمەکەی لێ وەرگرتم

وەختێ دایمەوە بنوسم

وەک هەڵەبجە

وشک بووبوون پەنجەکانم.....................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٢، ل٧٧٣




یان دەڵێت:

هەموو ساڵێ

لە شانزەی سێدا من ئەمرم

هەتا ئێستا بیست جار مردووم

بیرەوەریم بیست جار منی

لەم دۆزەخی یادانەدا

لەگەڵ زریکەی باخان و

پرچی باران و ژناندا

سوتاندووە................................... بەرگی ٨ل٤٠٥

کەواتە هەرکاتێک باس لە کیمیاباران، یان( ٣/١٦ )یاخود پێنج هەزار شەهید کرا، ڕاستەوخۆ دەبنە هاوماناو نیشانەی هەڵەبجەو کارەساتی

کیمیابارانەکە، بۆیە ئەم سیانە بریتین لە سێگۆشەی ناساندن و خۆڵەمێش و خەمی کوردان، هەر بۆیە شاعیر هەموو ساڵێک لەو مێژووەدا دڵتەزێنی تراژیدیاکە لەرووی دەوونییەوە دەوروژێنێتەوە، ئەم ناساندنە وردەی شاعیر لەوەوەیە، زۆر بەوردی ئاگاداری کارەساتی هەڵەبجە بووە، چونکە هەڵەبجە لە رۆژی (٣/١٤ ) پێشمەرگەو پاسداری ئێرانی هاتنە ناو شارەوە، بۆیە شاعیر لەرێگەی بابردنی قەڵەمەکەو فڕینی وشەکانی، ئەوەمان پێدەڵێت، کە دەبوو لەوساتەوە کار لەسەر دەرەنجامی ئایدۆلۆژیای حزبی و سەربازی حزبی بەعس بکرایە، (١٥)ی مانگیش هیواو ئومێد دروست بوو، بەڵام ئایا هیواکە لەسەربنەمای چی بوو؟ بۆیە هیواکە هی خەڵکی بوو کە شار ئازاد کراوە، بەڵام بۆ لێکدانەوەی سیاسی هیوا نەبوو، چونکە شانزەی مانگی بەدوادا هات، یاخود دەڵێت:

بەناوی هەڵەبجە و پێنج هەزار (مانگ)ەوە

بەناوی مەولەوی و پێنج هەزار گوڵەوە.

بەناوی گۆران و پێنج هەزار کۆترەوە،

بۆ زانا بلیمەتەکانی: وڵاتی پوشکین، وڵاتی جاک لندن.

وڵاتی بایرۆن، وڵاتی جان دارک، وڵاتی بسمارک.

وڵاتی گاریباڵدی، وڵاتی ڤان کوخ،. وڵاتی.. وڵاتی.. وڵاتی

سوپاس بۆ ئەو دیارییەی کە بە کۆمەڵ سەر لەبەیانی رۆژی

١٩٨٨/٣/١٦ لە رێگەی بەغداوە بۆ گوڵ و کۆتر و منداڵ و

شیعری کوردستانتان ناردبوو....................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٣، ل٥٤٧

شاعیر دەیەوێت بڵێت ئەو وڵاتانەی کە گازی کیمیاویان دایە سەدام حسێن، زۆر پێشکەوتوون لەرووی زانست و لۆژیک و فەلسەفەوە، بەڵام دواجار ئەم مێژووە(٣/١٦)ی کوردستانی لێبەرهەمهات، کە ئەمە پەڵەیەکی رەشە بەناوچەوانیانەوەو گومان لەسەر پێشکەوتنتان دروستدەکات، هەربۆیە هەڵەبجە بووە ناسنامەی ستەم و نادادی بۆ وڵاتانی جیهان بەگشتی و وڵاتانی بەرهەمهێنی چەکی کیمیاوی و بەدرێژایی مێژوو، هەڵەبجە دەبێتە هێزی رووبەرووبوونەوەو شاهیدی ستەمی ئەم وڵاتانە، کەواتە وشەکانی(کیمیاباران، ٣/١٦، ٥هەزار) هەموویان هەڵگری نیشانەیەکی دیاریکراون و بریتین لە مانا مەبەستدارەکانی هەڵەبجە، وەک دەڵێت:

(١٦)ی مارت ---) بەر لە نیوەشەوی ئەم رۆژە قرچۆکە

شازادە هەوایەکی مۆدێرنیزمی شێت

هەوایەکی دوو رەگ، لە نەسلی جەپ و راستی

سیاسەتی ئەم دنیا بەستۆکە.

هەوای کەتەی بەئۆکی(ناشرین، ناقۆڵا، سامدار) لەخۆبایی

بۆنی دەم سیراویی....................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٣، ل٥٦٢

کارەساتی هەڵەبجە بە زانست ئەنجامدرا، بۆیە بەرهەمی مۆدێرنە بەرهەمی کارەساتی وەک هەڵەبجە و مرۆڤ کوشتنی لێبەرهەمهاتووە، لەبەرئەوە(٣/١٦) مێژووی رەشی عەقڵی مۆدێرنەیە و بەبەردەوامی ژیان، هەڵەبجەو شانزەی سێ بەڵگەی ئەو هەڵە مێژوویی و مرۆییەن، کە هەرگیز ناتوانن پاساوی بۆ بهێننەوە.

یاخود دەڵێت:

شانزەی سێ بوو، شانزەی سێ، وەختێ رۆژێ

ئەبێ بە خەنجەری ساڵ و لەسەر دڵی شار ئەچەقێ!..

شانزەی سێ

ئاڵ بوونی ئاو و

کەڕبوونی شاخ و

کوێربوونی هەتاو و

ورێنەی بەرد و

شێت بوونی دار و درەخت و

ئەوقبوونی یەزدان و لەولایشەوە

قاقای پێکەنینی دیکتاتۆری!.......................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٦، ل١٢٩-١٣٠

ئەم مێژووە، هەموو ساڵێک سەرلەنوێ نوێ دەبێتەوە، ڕۆژێکە سروشت و مرۆڤ تێیدا کەڕولاڵ دەبن، لەپێناو پێکەنینی دیکتاتۆرێکدا، ئەمەش واتە ژیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکان بەردەوامە و هەرچی پێشکەوتن و دەرەنجامەکەی ئەمە بێت، نەبوونی باشترە، جگەلەمەش هەرکاتێک گوێت لە وشەی (٣/١٦) یان وەک مێژوو، یان کیمیاباران بێت، ڕاستەوخۆ هەڵەبجەت بیردێتەوەو لەگەڵیدا هەموو ئەو مەدلولانەش بە بیری هەر یەکێکماندا دێن.

## ٢- هەڵەبجە وەک نیشانەیەکی سیمیۆلۆژی هێزی بەرەنگاری:

هەڵەبجە لەمرۆدا بۆ هەموو کوردێک، لە هەرشوێنێکی ئەم گەردوونەدا بێت، بووەتە هێزی بەرگری و بەگژداچوونەوەی سەرجەم ئەو دەسەلات و پێشکەوتنانەی کە دەستیان هەبوو لەم تاوانەدا، هەروەها هەڵەبجە هێزی شێر ئاسایە لەپشت هەموو کوردێکەوە، کە بەبێ ترس و هەموو ساڵێک لەم یادەدا، دەنگی زوڵاڵی مەزڵومی خۆی بەرزبکاتەوەو ستەم و ڕووڕەشی ئەوان بەئاشکرا بەبیربهێنێتەوە، بەشێوازێك سەرجەم وڵاتانی خاوەن چەکی ئەتۆمی و بەشداربووی ئەم تاوانە، بەشەرمەزاری و بە بێدەنگی و خۆشاردنەوە دەمێننەوە، وەک دەڵێت:

لەئیستە بە دواوە ئیتر: هەڵەبجەم!

لەئیستە بە دواوە من دەنکە فرمێسکی هەناری

ئەو خەمە گەورەیەم.

لە ئیستە بەدواوە من باری ئەو سێوەم

کە ئیتر بارناکرێ بۆ ئەوێ.

لەئیستە بەدواوە من تاڵێ لە ڕیشی

هۆرەکەی مەولەویم

لە ئیستە بەدواوە ئەو شەمی شەمانی

وڵاتمە و من وەلیم......................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٣، ل٥٦٠

شاعیر دەیەوێت بڵێت لەدوای ڕووداوەکەوە، هەموو تاکێکی کورد بووەتە هێزی ناساندنی ڕوداوەکەو بەگژاچوونەوەی ئەوانەی بوونەتە هۆکارو بەشداری ئەم تاوانەی بەعسییەکان، بۆیە بەگشتی لەسەرتاسەری دنیادا خۆپیشاندان و ڕێپێوان کراو هەموو دنیاش پشتیوانی کردین، چونکە ئەم کۆدەنگییەی کوردو هێزی بەرەنگاری و داوا ڕەواکەی، دانپیانانی وڵاتانی بەشداری تاوانەکە بوو بە تاوانەکەدا.

یاخود دەڵێت:

سبەینێ..سبەینێ

هەموومان کورسیەکەیش ئەبینین

وایلیدێ

سەگێکی هەڵەبجە ئەتوانێ لە سەری بگەوزێ و

سەگێکی (نەجەف)یش بە نەخش و نیگار و

بە ئارم و دروشمیا..هەڵمیزێ!! ......................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٦، ل٢٣٦

شاعیر دەیەوێت بڵێت گەورەیی تاوانەکەو بەرگری هەڵەبجەو کورد، وادەکات چۆک بە دەسەڵات دەدات و بەهاو شکۆی کورسی دەسەڵاتداری زاڵم ناهێڵێتەوە.

یان دەڵێت:

ئەی کانی عاشقانی هەڵەبجە!

بە هەموو عاشقانی ئەو بەندەن و بنارانە بڵێ..

بە کارمامز و بە ژنە ڕەوەند و بە شمشاڵی قامیشەڵان و بە

پلووسکی بەفراوان و بە قاپی تەنەکی ماڵان و بە جووتە مەلی

عاشقی گوێ ئاوان و بە هەموویان، تەلان تەلان،

بەستێن بەستێن.. پێیان بڵێ:

بەو زووانە پەپووسلێمانەکەی پیری شالیار لە کاوانەوە بە گەنجیی

ئەگەڕێتەوە........دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٦، ل١٣٣

کانی عاشقان گەڕەکێکی شاری هەڵەبجەیە، خاوەنی دوو سەروەرییە، یەکێکیان ڕاپەڕینی گەڕەکەکە، پاشان وێرانکردن و تەقاندنەوەی ماڵەکان لەلایەن ڕژێمەوە لە( ١٩٨٧/٣/١٥) لەگەڵ کارەساتی کیمیاباران لە(٣/١٦)دا، بۆیە شوێنێک خاوەنی ئەم هێزی بەرەنگارییە بێت، چۆڵکردن و دابڕان ناناسێت.

## ٣-هەڵەبجە وەک نیشانەیەکی سیمیۆلۆژی شوێنی ستەملێکراو:

هەڵەبجە دوای کارەساتی کیمیاباران بۆ کۆی دونیا بۆتە نیشانەی شوێنی ستەم لێکردن، بەشێوازێک زۆرجار وەک هێمای ستەمە گەورەکانی دونیا دەهێنرێتەوە، بۆیە کاتێک باس لە ستەمە گەورەکان دەکرێت کە بەرامبەر مرۆڤایەتی کراون، هاوتای شەڕە گەورەکان و هێرۆشیما، هەڵەبجەش دێتە مەیدان، چونکە هەڵەبجەش وەک ئەم شوێنانە، بووەتە نیشانەیەکی ستەمکردن و شوێنێکی ستەملێکراوی مێژوویی، وەک دەڵێت:

چاوی زەقم بڕیبوو پاسدارێکی ڕیش نوورانیی

بەسەر منی هەڵەبجەوە ئەگریاو

کەچی خێرا خێرایش دەستی ئەکرد بە گیرفانیداو

لە دەنکە میوژی گڵێنەکانی سنەو سابڵاخی ئەخوارد

ئەمە حیکایەتی شانزەی مارت بوو

ئەمە هاواری خنکاوی ئەم سنگەم بوو......................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٣، ل٥٦٥

ئەم دیمەنە لەلایەک دیمەنی ستەملێکراو و غەدرلێکراوی خەڵکی سیڤیلی هەڵەبجەو کورد پیشاندەدات، لەلایەکی ترەوە یاری سیاسەتکردن بە خەڵکی سیڤیلەوە، لە هەردووکیشیاندا هەڵەبجە بووە بە قۆچی قوربانی و بەهۆشیەوە ئەم ناسنامەی وەرگرتووە.

یان

لەتەمێک ئەچی ئەو ژنە کە ئەیبینی:

کۆڵانێکی هەڵەبجەیەو پێناکەنێ.

کە گوێشی بۆ ڕائەدێری

شمشاڵێکی گەرمییانەو

بەتەنها هەر.. (با)ی دەربەدەری عەرعەرو

هەناسەی ئەنفال ئەیژەنێ.......................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٥، ل١٩٠

کۆڵانێکی هەڵەبجە بریتییە لە چەندین تەرمی شەهید، واتە قوربانی بە کۆمەڵ، ئەم دیمەنەش بۆ ئەنفال هەمان شتە، بۆیە یەکێکە لە بەڵگە بەهێزەکانی ناساندنی ستەم و کۆمەڵکوژی.

یان

لەدوای ناشتنی هەڵەبجە

ئەستێرەیەک بە میوانی

ئەستێرەیەکی مرۆڤ دۆست

هاتە هەیوان

قەیرێ لەگەڵماندا گریاو

ئینجا ڕۆیشتەوە بۆ ئاسمان......................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٦، ل١٠٩

کەواتە ئەوەی هەستی مرۆیی هەبووبێت، کاریگەر بووە بە کارەساتی هەڵەبجە، جگەلەمەش ئەوەندە کارەساتەکە گەورەیە، زەوی و ئاسمان ئاگاداری بوون و بۆی غەمباربوون، بەمانایەکی تر گەورەیی ستەمەکەو دیمەنی قوربانیانی شارەکە وایکردووە، کە بەدرێژایی مێژوو، ببنە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ستەم دژی مرۆڤایەتی و هەموو کاتێک دەبنەوە بە شانۆی ستەم لە کاتی خۆیاندا.

## ٤- هەڵەبجە وەک نیشانەیەکی سیمیۆلۆژی شوێنی یەکلاکردنەوە:

کارەساتی هەڵەبجە بووەتە بەڵگەیەکی ڕەشی مێژوو، لەلایەک بووەتە بەڵگەی یەکلاییکردنەوەی دۆسیەی دیکتاتۆریەتی حزبی بەعس، بۆیە شێرکۆ بەر لە ڕووداوی کەوتنی عێراق لەرێکەوتی(٢٠٠٣/٤/٩) شیعری( هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا) لە(٢٠٠٣/٣/١٤ ) نوسیوە، واتە (٢٧) ڕۆژ پێش روداوی کەوتنی بەغدا و ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتن بە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، پاشان لە کاتی دادگاییکردنی سەدام دا یەکێک لە کەیسەکان کە ڕووبەرووی کرایەوە، کارەساتی هەڵەبجە بوو، واتە شاعیر وێناو پێشبینی خۆی لەوەوە خستووەتەڕوو، لەبەرئەوەی کارەساتەکە مرۆییەو بووەتە دۆسیەیەکی جیهانی، بۆیە هەڵەبجەی بە هۆکاری یەکلاییکردنەوەی دادگایی کردنەکە دەزانێت، ڕاستییەکەش وا دەرچوو، واتە هەڵەبجە بووەتە هێو شوێنی یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکە، وەک دەڵێت:

هەڵەبجە ئەچی بۆ بەغدا.وەختێ

ئەگا،دیجلە لەبەری هەڵئەسێ و باوەش بەناو قەدیا

ئەکاو دەست ئەبات و کڵاوکەی (جەواهیری)ی لەسەرئەکا.......دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٦، ل١٣٤

یان

هەڵەبجە بە شانە و،ئازادیی دێ و، هەنگوین بەسەر

هەمووواندا دابەش ئەکا. هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا و بەر

لە بەغدا لە شارەبان ئەوەستێت و، لەناو باخی پرتەقاڵدا،

دوا پارچەی جلی گریانی فرێ ئەدا. ئەوسا ئیتر پرتەقاڵی

قژنارنجیی، لەناو پەرژینی مۆردەوە، کراسێکی ئاودامانی

لەگوڵی خۆی بۆ ئەهێنێ و ...هەڵەبجە جلی هەتاو، هەڵەبجە

جلی کەرنەڤاڵ لەبەر ئەکا و ئینجا ئەڕوا..

هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا!................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٦،ل١٣٦

لەم دەقەدا هەڵەبجە دوای وەرگرتنەوەی مافی خۆی دەکات، ئیدی هەڵەبجە سەرلەنوێ دەست بە ژیان دەکاتەوە و ئەم سووربوون و پەیامی ماف وەرگرتنەی، هەموو دنیا دەگەڕێ و ئەو پەیامەش بەوان دەدات، ئەگەر دادگاییەکی دادپەروەرانە هەبێ، ئێوەش هەمان چارەنوسی دادگایکردنتان دەبێت.

یان دەڵێت:

عومەری خاوەر بە خۆی و کۆرپەلەکەی باوەشیەوە

گەیشتۆتە کونج بە کونجی ئەم جیهانە

لەیەک وەختا، لەسەر دیواری ماڵێکی(کۆپنهاگن)

پایزێکی ڕۆژمێرەو

لەیەک وەختا، لەسەر ڕەفەو

لەماڵێکی ناو ژاپۆندا

پەیکەرێکی بچکۆلانەی

ناو عالەمی زوڵم و غەدرەو

لەناو هۆڵێکی لەندەندا

ناونیشانی مانفێستێکی ئازادییەو

لە باخچەیەکی گشتیدا و لە بەرلیندا

خۆی هەڵواسیوە بەقەدی دارو برداو

لە شەقامێکی سەرەکی ڤیەننادا

خۆی نووساندووە بە جامی ماشێنەوەو

یاخود لەناو ئاپوورەیەک

خۆ نیشاندانی کۆترو دار زایتوونی هێلسەکەنکیدا

هەڵەبجەیەو جادە جادە

لەپێشی پێشەوە ئەڕوا!......................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٦، ل١٤٥-١٤٦

شاعیر دەیەوێت عومەری خاوەر وەک نیشانەو مانایەکی تری هەڵەبجە بخاتەروو، کە ڕووداوەکەی شار هۆکاربووە، بەهۆی ئەمەشەوە عومەری خاوەر لەم ڕۆژەدا، بووەتە هێمای ڕادەی ستەم و زوڵمی سەدام لە شاری هەڵەبجە، بۆیە ئەم دیمەنە تەواوی جیهانی هەژاندو ڕادەو پێگەی زوڵمەکەشی بەجیهان ناساند، بەشێوەیەک لە ڕۆژی تابلۆی جیهاندا، یان هەڵەبجەدا، لەسەر دیوارەکان، یان ماڵ و هۆتێل و.... تاد وێنەکانی هەڵەبجە و عومەری خاوەر بوونەتە نیشانەی گەورەیی ستەمەکەو لەهەمانکاتیشدا یەکلاییکردنەوەی ئەم ستەمە ڕەنگیدایەوە.

یان دەڵێت:


خۆی و پێنج هەزار درەختە شین پۆشەکەی.

خۆی و شاری خۆڵەمێش و مرۆڤ ڕێزان.

خۆی و مەوسیمی فیراق و هەوای زەرد و

عەشقی وێران! ......................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٦، ل١٤٨

هەرکاتێک باس لە بۆنی سێو، یان( ١٦ی مارت )یاخود عومەری خاوەر کرا، ڕاستەوخۆ دەبنە هاوماناو نیشانەی هەڵەبجەو کارەساتی کیمیابارانەکە، بۆیە ئەم سیانە بریتین لە سێگۆشەی ناساندی خەم و ستەمی بەعس و مەزڵومیەتی کوردان.




یان

ئەچی بۆ کویٚ؟!

- بۆ لای مێژوویەکی خنکاو......................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٦، ل١٥٠

یان

شیعر چییە؟! جگە لە زمانی عەشقێکی سرمدی

بەڵام هەڵەبجە خۆی بەتەنیا خۆشەویستییە و

ئازارە و مێژووە و سروشتە و شیعر!....................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٧، ل٣٢٨

کەواتە بەخشینی ئەم چەند خاسیەتە گرنگە بەهەڵەبجە، لەو سۆنگەوەیە کە توانی هەم بەرگەی شەڕ بگرێت، هەم خۆشەویستی دروست بکات، هەم مێژووەکە ببێتە ئەزموونێک کە چیتر بیر لەکاری لەو شێوە نەکرێتەوەو هیچ ڕوداوێکی تر لەپێناو یەکلاییکردنەوەی ململانێ و سیاسەتەکان نەگیرێتەبەر.

یان دەڵێت:

لەدوای خنکانی "هەڵەبجە"

سکاڵایەکی درێژم نووسی بۆ خوا

بەر لە خەڵکی

بۆ درەختێکم خوێندەوە

درەخت گریا!......................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٨، ل٢٦٧

شاعیر دەیەوێت بڵێت ڕوداوی هەڵەبجە چەندین ئەگەری لەپشتەوەیە، هەر ئەمەش ئەوەندەی تر مەرگەساتباری کردوە، بۆیە لەو ڕۆژەدا مرۆڤایەتی و تەنانەت سروشتیش بۆی گریا.

## ٥- هەڵەبجە وەک نیشانەی سیمیۆلۆژی شوێنی شەڕ

شاعیر ئاماژەی بە هەڵەبجە کردووە وەک شوێنی شەڕی یەکلاییکردنەوەی دۆزی دوژمنایەتی لە نێوان عێراق و ئێران، هەروەها هێزی بەرەنگاری گەلێک، بۆیە هەڵەبجە وەک شوێن، تەنها شوێنێکی جوگرافی بێلایەن نییە، بەڵکو بووەتە شوێنێکی کارنامەیی چەند ڕەهەندی مانا جیاواز، ئەمەش لەوەوەیە کە پەیوەستبوونی شاعیر بەهەڵەبجەوە، پەیوەستبوونێکی ڕۆحی و مرۆیی و کوردانەو....هتد، بۆیە پەیوەندی مرۆڤ بەشوێنەوە، بەهێزترین پەیوەندیە، بەمانایەکی تر شاعیر شاری هەڵەبجەی لە شوێنی سڤیلەوە گواستوەتەوە بۆ مەیدانی شەڕو

سوتەمەنی تاقیکردنەوەی تاوانەکانیش، خەڵکەکەی بووە، بۆ نموونە:

ئێستاکە بۆنێک دێ لەدنیا

بۆن تیژەو.. بۆن بۆنی تۆفان و لافاوە!

چووینەتە کاسێتی ڤیدیۆوە

چووینەتە ناو چاوی تیڤیوە:

سەر رێژین لەکۆست و لەبۆنی ٣/١٦

سەر ریژین لەفرمیسک لەنسێ

لەنێوان لێو لەتەعزێ

لێوان لێو لەژەهرو لەمردن

سیخناخین لەنووزەی پەلکە گیا

سیخناخین لەقیژەو زریکەی دەربەندو پێدەشت و

سیخناخین لەرەنگی بێوەژن!

.

.

هەنووکە هەڵەبجە لەشێوەی هەورێکی خرکەڵەی

دوگیاندا ئەبینم لە (با)دا راوەستاو.

ئەبینم: باوەشی پڕ گوڵی هەنارە..............دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٥، ل ٦٩٠

شاعیر دەیەوێت بڵێت هەڵەبجە مەیدانی شەرێکی دژە مرۆڤایەتییە، شەرێک بەدوورە لە هەموو پرەنسیپە مرۆییەکان و تێیدا هەموو چەک و هۆکارێک لەپێناو سەرکەوتنێک، یان رێگرییەک دەگرنەبەر، بۆیە هەڵەبجە بووەتە مەیدانی یەکلاییکردنەوەی شەڕ.

یان دەڵێت:

هی هەڵگرتنی تابووتی

جۆگەلەکانی ئێوەیە!.

هەر خۆتان نین

لە "خابوور"تاندا..سیروانین.

لە"عفرین"دا.. خانەقین و

لە"دیرەک" دا شەنگارین و

لەناو هەڵەبجەی ئێمەیشدا

ئێوە"قامیشلی"و"سەرکانی"ن!. ........................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٦، ل١٧٨

کەواتە هەڵەبجەش وەک شارەکانی تر( عەفرین، دیرەک، قامیشلی، سەرکانی)شارێکی کوردستانییەو دوژمنی زۆرە، بۆیە بەردەوام قوربانییان داوەو بوونەتە شوێنی ململانێ و یەکلاییکردنەوەی دۆزەکە.

یاخود دەڵێت:

هەندێ جار ئاوابوون ئەبێ بەهەڵهاتنەوە

وەرین ئەبێ بەرواندنەوە و کەوتن بەهەڵسانەوە

هەندێ جار لە شیوەنەوە زەماوەند دێتە دەرێ

لە هۆن هۆنی فرمێسکدا پێکەنین ئەپشکوێ

لە بیاباندا ئاو هاژە ئەکا و لە "فیراق"دا

"وەسڵ" تازە ئەبێتەوە و لە غوربەتدا


نیشتمان پەیدا ئەبێ و لەترسدا دڵنیایی و

لە نائومێدیدا هیوا ئەتەقێتەوە!

ئێمەیش لە مەرگی هەڵەبجەدا

لە دایکبووینەوە!......................دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی٧، ل٣٣٩-٣٣٠

کەواتە لەکۆی ئەم بە نیشانەبوونەی هەڵەبجە، لەمڕۆدا هەڵەبجە بۆ هەموو کوردێک یان ستەملێکراوێک بووەتە هێزی بوون و ژیان بەرەنگاری.......تاد، وەک لەم خشتەیە خراوەتەڕوو:




بەمانایەکی تر هەڵەبجە بووە هۆکاری دروستکردنی پاڵپشتییەکی جیهانی بۆ دۆزی کوردو مافە رەواکەی، بۆیە کارەساتی هەڵەبجە بوویە وەرچەرخانێکی نوێ بۆ خەبات، کە بەتەواوی جیاوازە لە ڕووداوەکانی پێش خۆی.

## ئەنجام:

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە :

١-هەڵەبجە لای شاعیر بووەتە نیشانەو ئاوێنەیەکی سیمیۆلۆژی و هەموو ئەو شتانەی کەڕوداوەکە لەخۆی گرتوون، تێیدا دەخوێنرێتەوە.

٢.هەڵەبجە لەشیعرەکانی شاعیردا وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی بۆ هەموو کورد خراونەتەڕوو، هەروەها بووەتە نیشانەی ستەم و نادادی لەتەواوی جیهاندا.

٣.شێرکۆ هەڵەبجەی بە چەند نیشانەیەکی جیاواز خستوەتەڕوو، لەپێناو نیشاندانی رادەی ستەمەکە بەشێوەی خۆی.

٤-شاعیر هەڵەبجە بە یەکێک لە بەڵگە مێژووییەکانی دەرەنجامی ناعەقڵانی عەقڵی مۆدێرنە دەبینێت.

٥- شاعیر هەڵەبجەی وەک نیشانەو سەلمێنەری زیندوومانەوە و نەمری کورد و هێزی بەرەنگاریی پیشاندەدات لەبەرامبەر ستەمکاریدا.

٦-شاعیر دەیەوێت هێزی نەتەوەیی گەلێک نیشانبدات، کەلەپێناو گەیشتنە ئامانجەکانی، سڵی لەهیچ ڕێگرییەک نەکردووەتەوە.

٧- شاعیر دەیەوێت لەرێگەی وێنەی کارەساتی هەڵەبجەوە، بەرخودان و ئامادەیی قوربانیدان لەپێناو دۆزی نەتەوەییدا بناسێنێت.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: دیوانەکان:


١-بێکەس. شێرکۆ.( ٢٠٠٩) . دیوانی شێرکۆ بێکەس. بەرگی ٢ . سوید

٢- بێکەس. شێرکۆ. (٢٠٠٩) . دیوانی شێرکۆ بێکەس. بەرگی ٣. سوید

٣-بێکەس. شێرکۆ. ( ٢٠٠٩) . دیوانی شێرکۆ بێکەس. بەرگی ٥ . سوید

٤- بێکەس. شێرکۆ. (٢٠٠٩). دیوانی شێرکۆ بێکەس. بەرگی ٦. سوید

٥-بێکەس. شێرکۆ. (٢٠٠٩). دیوانی شێرکۆ بێکەس. بەرگی ٧. سوید

٦-بێکەس. شێرکۆ.(٢٠٠٩). دیوانی شێرکۆ بێکەس. بەرگی ٨. سوید


### دووەم:کتێبە کوردییەکان:


١-ڕەئوف. لوقمان. (٢٠١١). ڕەهەندەکانی شوێنکات لە دەقەواڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا. سلێمانی. خانەی چاپ و وەرگێران

٢-ڕەئوف. د. لوقمان. (٢٠١٧). دەق شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە.سلێمانی. دەزگای ئایدیا


سێیەم: کتێبە بیانییەکان:


١-الاحمر. فیصل.(٢٠١٠). معجم السیمیائیات. الجزائر . منشورات الاختلاف

٢-اسکندر. غریب.(٢٠٠٩). الاتجاه السیمیائی فی نقد الشیعر العربی. بغداد. العراق. دار الشوون الثقافه العامه

٣-ایکو. امبرتو.(١٩٧٢). البنیه الغائبه. بیروت. المؤسسه العربیة للدراسات و النشر

٤-بدودی. عبدالرحمن.(١٩٨٥). الموسوعة الفلسفیه. جزء ٢. بیروت. المؤسسة العربیة للدراسات و الشعر

٥-بنکراد. سعید.(٢٠٠٥). السیمیائیات مفاهیمها و تطبیقاتها. ط٢. الازقیه. سوریا. دار الحوار

٦-تشاندلر. دانیال.(٢٠٠٨). أسس السیمیائیة.ترجمة: طلال طعمة. ط١ . لبنان. المنظمة العربیة للترجمة

٧-حموده. عبدالعزیز .(١٩٧٨). المرایا المحدبه. من البنیویه الی التفکیک. کویت. عالم المعرفة

٨-دینەسن. انه ماری.(١٣٨٠). در امدی برنشانه شناسی. ترجمه:مظفر قهرمان. تهران . نشر پرسش

٩-راغب نبیل.(٢٠٠٣). موسوعه النظریات الادبیه. مصر . الشرکه المصریه العالمیه للنشر

١٠-روبرت. شولز. (١٩٩٤). السیمیاء و التویل. ت:سعید الغانمی. بیروت. المؤسسه العربیة للدراسات و النشر

١١-زعیتر. حماده ترکی. (٢٠١٣). جمالیات المکان فی الشیعر العباسی.عمان . دار الرضوان للنشر

١٢-سعدالله. د. محمد سالم.(٢٠٠٧). مملکه النص. التحلیل السیمیائی للنقد البلاغی. الاردن . عالم الکتب الحدیث

١٣-عزام . محمد(١٩٩٦). النقد و الدلالة. نحو تحلیل السیمیائی للادب. دمشق . سوریة . منشورات وزارة الثقافة

١٤-عیاشی. منذر(٢٠٠٢). العلاماتیه وعلم النص. بیروت .الدار البیضاء

١٥-ماری. جان . و الاخرون .( ٢٠٠٩). العلاماتیه و العلم النص. ترجمه: منذر عیاشی. سوریا . مرکز الانماء الحضاری

١٦-المرابط. عبدالواحد .(٢٠١٠). السیمیاء العامه و السیمیاء الادب. بیروت. منشورات الاختلاف

١٧-مونسی. د. حبیب(٢٠٠١). فلسفه المکان فی الشیعر العربی. دمشق. منشورات اتحاد الکتاب العرب

١٨-وغلیسي. یوسف.( ٢٠٠٧). مناهج النقد ألادبی. الجزائر . دار جسور للنشر و التوزیع

19-Eco: 1972،La Recherch La Structure Abasente.introduction semiotique، paris

et Clara Foz، Ed/ M.K، Paris،

20-Peirce،: 1965 ،collected papres : the Belknap press of Harvard university press، combridge، Massachu setts.

21-Pierc ،1987،Textes Fondamantaux De Sémiotique، tradiction et notes/ B.Fouchier. Axelsen

22-Rebert ،Lepetit ،1976،dictionnaire alphabetique at analogique de la langue fancaise، Paris

23-Todorov ،Tzvetan ،1971:theorie du sgmbole ،paris.

**چوارەم: نامە:**

١- رەئوف، لوقمان، ٢٠١٤، دەق شیعری کوردی لەروانگەی سیمیۆلۆژییەوە، نامەی دکتۆرا،کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی

پێنجەم: کۆنفرانس:

١-رەئوف، د. لوقمان، فەرەیدون، م.ی.ئاوارە، ٢٠١٨، سیمیۆلۆژیای شوێن لە شیعرەکانی موفتی پێنجوێن دا، پێنجوێن بە نمونە،کۆنفراسی زانکۆی سلێمانی

**شەشەم:گۆڤار:**

-سیرل، جون، ١٩٨٨ ، من سوسیر إلی فلسفة اللغة، مجلة العرب و الفکر العالمی ، عدد (٣) بیروت.



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360